# هەرکەسێک بەندەیەکی مسوڵمان ئازاد بکات؛ خوای گەورە بەرامبەر بە ئەندامێکی ئەو ئەندامێکی ڕزگار دەکات لە دۆزەخ، تەنانەت دامێنی بە دامێنی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بەندەیەکی* مسوڵمان ئازاد بکات؛ خوای گەورە بەرامبەر بە ئەندامێکی ئەو ئەندامێکی ڕزگار دەکات لە دۆزەخ، (تەنانەت دامێنی بە دامێنی». *(بەندە: مەبەست کۆیلە -عبید-ە کە لەو سەردەمەدا دەکڕان ودەفرۆشران
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ڕوونکردنەوەی فەزڵ وپاداشتی ئازادکردنی بەندەی مسوڵمانی تێدایە، هەرکەسێک بەندەیەکی* مسوڵمان ئازاد بکات؛ وەکو ئەو وایە لاشەی خۆی ڕزگارکردبێت لە ئاگری دۆزەخ، ئازادکردنی بەندە مسوڵمانەکان هۆکاری شکۆداری وسەربەرزییە بۆ مسوڵمانان ئەمیش بەهۆی لابردنی زەلیلێتی بەندایەتی لەسەریان. *(بەندە: مەبەست کۆیلە -عبید-ە کە لەو سەردەمەدا دەکڕان ودەفرۆشران)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6396

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee